# كە ئافرەت ئازاد نەبێت پیاو و کۆمەڵیش ئازاد نیە



* مەهدی کاوانی *

لە ئەوروپا کێشەیەک نیە پێی بگوترێ کێشەی پیاو،یان کێشەی ژن . هەموو شتێک بە یاسا ڕێکخراوە و هەرپێشێلکاریەک ڕوویدات لە هەر کەسێ بێت یاسا چارەسەری دەکات . یەکسانی ئافرەتان و پیاوان لە ڕووی یاساییەوە 100% ە.ئەگەر هەر جیاوازیەکیش بەدی بکرێ وەک بگوترێ لە بواری سیاسی و کارکردن ،پیاوەکان تا زۆر ڕادە لە پێشن بەڵام لێرەش نە سوچی پیاوانە نە سوچی کۆمەڵە و هۆکاری تر هەیە لەو جیاوازیە کەمەی کە هەشە بە لای پیاوانەوە . لە بارەیەوە لێک دانەوە زۆرە ،هەنە بۆ هۆکاری مێژوویی دەگێڕنەوە ،هەنە بۆ هۆکاری جەسەدی دەگێڕنەوە ،هەشن بۆ هەردوو لایان و ڕای تریش هەیە . بەڵام لێرەش مافی ئافرەت ناخورێ . لەسەر ئەو مەسەلەیە نمونەیەک دێنمەوە . بلیۆنێری ڕووسی( ڕۆمان ئەبرۆمەڤیچ)کە نادی چێلسی کریوەتەوەوخاوەنی 5-6 ملیار دۆلارە ،ئێستاکە کێشە هەیە لە نێوان خۆی و ژنەکەی .کێشەکە لە سەر ئەوە نیە کە پیاوە بیەوێ لە ژنەکەی جودابیتەوە یان گیروگرفتی بەیەکەوە نەگونجان لە نێوانیان هەبێت و ژنەکەشە داوای جودابوونەوە دەکات نەک پیاوەکە بە ناوی ئەوەی کە بەڵگەی لە سەرە خیانەتی زەوجی لێ کردووە .کێشەکەیان زیاتر لە ساڵێکە چوەتە دادگا و بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکان ژنەکە زیاتر لە یەک ملیار دۆلار پارەی دەکەوێ و ئەو چوار منداڵەی هەشیانە بڕی پارە بۆ هەموانیان تەرخان دەکرێ. خۆ ئەگەر حالەتی پێچەوانەش بوایە ژنەکە خاوەن ئەو سامانە بوایە هەم دیسان پیاوەکە هەمان مەبلەغی دەکەوت .کەچی لە ڕۆژهەلات ئەو جۆرە یاسایانە وجودی نیە و بە حوکمی ئەوەی زیاتر پیاو خاوەن سامانە هەر لێک جودابوونەوەیەک ڕوویدات ژن لە مارەیی بەو لاوە هیچی تر نای گرێتەوە . بە هەر حال کە ناچینە ناو بنج و بناوانی ئەو هۆکارانە لە بەر ئەوویە بابەتەکەی من ڕووەکی تری مەسەلەکانە .

ئەو قسانە هەر تەنیا ئەوروپای ڕۆژئاوا ناگرێتەوە ، بەڵکو ئەمەریکاو یابان و ڕووسیاو چین وئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش وبگرە ئەمەریکای لاتینی و هیندستان وهەندێ وڵاتی تری ئاسیاش دەیان گرێتەوە بەڵام بە هەندێ جیاوازیەوە . ئێمە کە ناگەینە دەرئەنجامێکی ڕێک و پێک بۆ چارەسەری کێشەی ئافرەتان و هەنگاو نان بۆ نزیک بوونەوەیان لە پیاوان زۆری لە بەر ئەوەیە نەهاتووین دیراسەتێکی ئەکادیمی وئایدەلۆژی و سیاسی لە سەر هەبوونی ئەو جیاوازیە باس بکەین و لە ڕێگەیەوە بگەینە کۆمەڵ ڕێگا چارەی واقیعی و بۆ بە کردار کردنی هەنگاوی عەمەلیانەی بۆ بهاوێژین .کەچی لە جیاتی ئەو شتانە لە

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

لایەن هەردوو تۆخمی مێ و نێر خۆمان هاویشتیتە ناو سۆزو بەزەیی و بەرزکردنەوەی چارەسەی ڕادیکالانە کە توانای جێ بەجێ بوونی نیەو بە کرداریش دەکاتە خۆ دزینەوە لە چارەسەر کردنی .

هەر کوردستان و وڵاتانی تری لە بابەتی واتە ڕۆژهەڵاتی نیە کە بڵێین پڕاوپڕیەتی لە کێشەی کۆمەڵایەتی و جودابوونەوە . ڕەنگە لە ئەوروپا زیاتریش بێت . جارەک نسبەتی تەڵاق لە ئەوروپا دوو جارو بگرە زیاتریش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە کوردستانیشەوە زیاترە. بەڵام لێرە وەک ڕۆژهەڵات ئاسا نەبووتە گیروگرفت .یاسا هەیەو چارەسەری دەکات بەڵام لە وڵاتانی لە بابەت ئێمەوە یان ئەو یاسایە بەر قەرار نیە یان نا یەکسانە زیاتر بە لای پیاویدا دەشکێنیتەوە، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە جیاوازی پێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ناو ئەو دوو کۆمەڵە زۆرە . لە ئەوروپا ئافرەت کە لە پیاو جودا دەبێتەوە ئازاد دەبێ و وەک پیاو ئاسا کە ژن دینێتەوە ،ئەویش دەچێ شودەکاتەوە . یان کە پیاو گێڕفرێند بۆ خۆی پەیدا دەکا ئافرەتیش بۆی فرێند بۆ خۆی پەیدا دەکا کەسیان مەغدوور نابن .بەڵام لە ڕۆژهەڵات کە یاساش مافی داوەتە ژن بچێ مێرد کاتەوە کەچی زۆر جار نەریتی باوی کۆمەڵایەتی ڕێگری دروست دەکات نەک پیاو . بەڵام لە ئەوروپا ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیە نەماوە. دیسان حالەتێکی تریش لە ئەنجامی جیاوازی گەشەکردنی ئابووری وڵاتان دروست بووە کە خۆی لەوە دەبینێتەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەلک لە وڵاتە هەژارەکان بە مەبەستی کارکردن، وڵاتی خۆیان بەجێ دێڵن و ڕو دەکەنە ئەوروپاو ناگەڕێنەوە . ئەو دیاردە کۆچڕەویە بە تایبەتی لە 15 ساڵی ڕابوردودا بە نسبەت کوردەوە زۆر فراوان بوو. بەشە هەرە زۆرەکەی بەر توخمی نێر کەوت . سروشتی ڕوودانی کارەکە بۆشایەکی کۆمەڵایەتی بە زیانی ژنان لەو وڵاتانە دروست کردووەو  لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە بووەتە کێشەیەکی سەخت چونکە توخمی ئەو پیاوانەی کە دەبێت خێزان پێک بهێنن کەم بۆتەوە.دیسان لە ڕووی نەریتی کۆمەڵایەتی واتە عەیبەو عەیبە کاری پیاویشی بە شکلەک لە شکلەکان گرتۆتەوە . واتە زۆر جار حالەتی نەگونجان لە نێوانیان هەیە ،پیاوەکەش وەک ژنەکە ئاسا لە ترسی کۆمەڵ بەیەکەوە ژیان وێڕای نەگونجانیان قبووڵ دەکات . بەڵام لە ئەوروپا ئەو مەسەلەیە بڕاوەتەوە نەگونجان دروست بوو چ ژن چ پیاو  زیاتر حالەتی جودابوونەوە هەلدەبژێرێ . ئەوان پێناسەی خێزان بەوە دەکەن کە کەسەکانیان وەک یەک جەستە وابێ وایە ،کاتێ کە خەلەل دەکەوێتە سەر هەر یەکەیەکیان مانای تێک چونی تێکڕای جەسەدە و ئەگەر چارە سەر نەکرێ بە لێک هەڵوەشاندنەوە کۆتایی پێ دێت . لە وڵاتانی لە بابەت خۆمانەوە دەڵێن جیاوازی خێزان منالەکان زیاتر ئازارەکە دەچێژن ئەمەیان ڕاستە بەڵام لە ئەوروپا وانیە یان زۆر کەمە . جارەک منداڵ هەر هەتا تەمەنی 16-18 ساڵیەوە لە سەر دایک و باوک حیسێبە بە دوایەوە لە ناو فۆڕمی خێزان دەردێ و وەک کەسایەتیەکی سەربەخۆ سەیر دەکرێ و بەندەکانی یاساش لە هەموو ڕووێکەوە دەیگرێتەوە. کە منالێش لە خوار ئەو تەمەنە بوو ژن و مێرد هەردوکیان ئازادن کامەیان ئەرکی بەخێو کردنیان دەخاتە ئەستۆی خۆی وە هەروەها دیسان ئازادیشن ئەگەر هەر کامێکیان ئەو ئەرکە نەگرێتە ئەستۆی خۆی دەووڵەت و ڕەعایەی کۆمەڵایەتی هەیە زۆر جوانتر لە دایک و باوکەکە مندالەکان پێ دەگەیەنن . هەر ئەوە نا بەلکو ئەگەر ئەو دایک و باوکە شایستەی ئەوە نەبن کە بە ڕێکی مندالەکانیان

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەخێو دەکەن یان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی توندو تیژی و لێدانی مندالەکان کە دەوڵەت پێی زانی لێیان دەسێننەوەو بۆ خۆیان ئەرکی بەخێو کردنیان بەڕێوە دەبەن .

بەڕاستی کە ئافرەت ئازاد نیە کێشەی کۆمەڵایەتی جیا لە پیاوانی هەیەو بە هۆیەوە ئازار دەچێژێ ، لە ڕێگەیەوە پیاویش ئازاد نابێ و کۆمەڵیش بە هەمان شێوە . جارەک بالێرەوە دەست پێ بکەین وەک بڵێین دەرفەتی کار کردن بۆ پیاوان زیاترە مانای ئەوە نیە ئەو ئازادەو ژنەکەی نا . بەلکو دەبێ ئەوپیاوە لە جیاتی هەردولا کار بکات و زیاتر ماندو ببێت ئینجا بە دوایەوە گوزەران دەسوڕێ . خۆ مەسەلەکە ئەوها نیە پیاوان کەوتبنە لایەکەوەو ژنانیش بۆ لایەکی ترو هەرکەسەیان ئاگای لە خۆی بێ . بەشی هەرە زۆری خێزانی کوردەواریمان کە تەنیا پیاوەکە کار دەکات و خاوەن 6-7 منداڵەو دەبێ خۆشی بەخێو بکات و ژنەکەو منداڵەکانی وئەرکیشی قورستر دەبێ . بەڵام لە ئەوروپا وانیە ژنەش کار دەکات پیاوەش و ئەرکی منداڵەکانیش لە سەریان تا 16-18 ساڵیە لێرەش دەوڵەت تەحەمولی هەندێ نەفەقەی منداڵەکانیش دەکا با دایک و باوکەکە کاریش بکەن خۆ ئەگەر دایک و باوکەکە یان یەکێکیان کار نەکەن هەمدیسان سوسیال نەفەقەیان دەکێشێ. مانای وایە نەبوە کێشە . دیسان ئەو ئافرەتە کە کەلتور ڕێگای پێ نادا وەک پیاو ئاسا هەموو شتێ بکا و لە ڕێگەیەوە کە گیرو گرفت لە نێوانیان دروست دەبێ پیاوەکەش بەدەستیەوە ئازار دەچێژێ نەک تەنیا ئافرەتەکە . چونکە چۆن بۆ ژن لەو کاتە هەست بە بەختیاری دەکا کە کێشەی لە گەڵ پیاوەکەی نەبێت بۆ پیاویش هەر وەهایە .دیسان هەمو کێشەکۆمەڵایەتیە ئافرەتیەکان هەمووی وابەستە بە پیاوانەوە نیە . ئەمڕۆ لە کوردستان و بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی گەورەترین کێشە کێشەی گەنجانە بە نێرو مێ دەر ئەنجامی نەبوونی بی کاریە. کێشەکە سیاسیە دەولەت و ئەوەی ئەو سیستەمە بەڕێوە دەبات لێی بەر پرسیارە . هەلبەتە ئەگەر ئەو کێشەیە چارە سەر بکرێ لە گەڵ خۆی سێ بەشی کێشەی ئافرەتانیش بێ ئەوەی ڕوو لە یاساش بکەن چارە سەر دەکرێ خۆ ئەگەر یاساشی لە گەڵدابێ ئەوا زۆر زۆر باشتر دەکەوێ .خۆ ئەوکێشە ژنیەی ئێستا کە ئێمە پێیەوە دەناڵێنین هەتا نزیکی جەنگی جیهانی دووەم ئافرەتی ئەوروپیش بە هەمان شێوەو لە هەندێ ڕووەوە بەزیاتریشەوە بوو گرتبۆوە، بەڵام ئەوان لە ڕووی ئابووری پێش کەوتن هەلی کاریان دۆزیەوە بۆ هەموان و بە دوایەوە بەرە بەرە ئافرەتان لە یەکسانبونیان بە پیاوانەوە نزیک بوونەوە . بۆ لەمەودواش ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان جەرائەت بکات یاسای نوێ دەربکات کە یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان دابین بکات و هەموو کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە یاسا چارە سەر بکات و یاسای شەڕیعەی ئیسلامیش بە یاسای مەدەنی بگۆڕیتەوە ، لە ڕێگەیەوە زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان کە پابەند بن بە ئافرەتانەوە چارە سەر دەکرێ . دەمینێتەوە لایەنەکەی تر کە پەیوەندی بە پێشەوە چونی ئابووری و دۆزینەوەی هەلی لەباری ئیش کردنە. ئەو مەسەلەیەش هەر مەسەلەی ژن نیە بەلکو مەسەلەی گەنجە . لە وڵاتێکی وەک کوردستان کە هەموو هۆکارەکانی هەستانەوەی ئابووری تیایە ئەگەر ئەو هۆکارانە قالبێکی سیاسی و دەسەڵاتداری تەواو کەری خۆی پێک بهێنێ . قەناعەتم هەیە بە ماوەیەکی کەم بە سەر زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی باز دەدەین لە نزیک کردنەوەی ژن و پیا ولە ڕووی یەکسانیەوە . خۆ

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەگەر ئەو پرۆژەیەی کە ڕۆژئاوا بۆ وڵاتانی لە بابەت ئێمەیان پێشنیار کردووەو دەیانەوێ بۆ لەمەو دوا کاری لە سەر بکەن، پرۆژەکەش خۆی لەوەوە دەبینێ کە دەبێ یاسای پەروەردەیی گۆڕانی بنەڕەتی لەو وڵاتانە بەسەردابێ و لە قوتابخانەکانیش بخوێندرێ . هەندێ لە ناوەڕۆکی پرۆژەکە خوێندنی عومومیاتی دینە لە قوتابخانەکان نەک بچیتە ناو تەفاسیلیەوە . هەر تەنیا عومومیاتی یەک دینیش نا بەلکو وەک ئەوروپا ئاسا هەموو دینەکان بگرێتەوە و لە ڕێگەیەوە هەندەی تر هەستانەوەی کۆمەڵایەتی لە مەڕ یەکسانبونی ژن و پیای لی دەکەوێتەوە .دیارە ئەو بابەتە ڕوویەکی کێشەی ئافرەتانە و ئەگەر بە تەکامولی بچینە ناو باسەکان ئەوا دەیان بابەتی تر هەڵدەگرێ .بۆ خۆم لەوانەیە بە چەند بابەتی تر کە ڕووی تری کێشەکە بگرێتەوە لە داهاتوو بێمە پێشەوە . حەزیش دەکەم خەلکی تریش چ پیاو چ ئافرەت ڕووی تری بابەتەکەی من تەواو بکەن وە ئەگەر ڕێگەی پێچەوانەش هەبێ هەمدیسان بە سەر چاوان ئەوە گەزو ئەوە عارد بیپێون.

بەریتانیا/2007/08/01

mahdikawani@yahoo.co.uk

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image